كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
30-7-2007 23:48 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەو ئاوازەی بەعس كە (هەڵكەوت زاهیر) ی كرد بە ڕاوێژكار ... كاوە ئەمین

پێشتریش زۆر جار لێرەو لەوێ باسی ئەوەم كردووە كە پارتی خۆی هێندەی دووژمنەكانی بارزانی، سووكایەتی بە كەسایەتی سەرۆك مستەفا بارزانی نەمر كردووە.



پارتی لە ژێر سێبەری مستەفا بارزانیدا، دەیان هیچ لەبارانەبوو و ماستاوچی و كاسەلێسی شاردۆتەوە و وەك دابەستە دایبەستوون. شەڕی ناوخۆ، وای كرد كە دەستەڵاتدارانی هەردوو لا، بۆ زیادكردنی سووپای لە ژمارە نەهاتوویان لە سەرباز و خوێندەوار و چڵكاوخۆر و بەعسییە تاوانبارەكان، دەرگاكانیان ئاواڵا بكەن، بۆیە ئێستا گیریان خواردووە و نازانن چۆن لە دەستیان ڕزگاریان بێت، ئاخر ئێستا هەموو ئەوانە، خاوەن حیمایە و پارە و دەستەڵاتن.
هەڵبژاردنی كەسێكی وەكو سامی شۆڕش و كردنی بە وەزیر تەنها لەبەر ئەوەی كتێبێكی لەسەر بارزانی و كاك ئیدریس نووسیوە، یەكێكە لەو سووكایەتیانەی پارتی، ئاخر پێشتر بە شاهێدی دەیان كەس، سامی شۆڕش لەسەر مێزی خواردنەوەی لە لەندەن، هەتا جنێوی سووكی بە ماڵباتی بارزانی نەدایە سووكنایی نەدەهات و مەست نەدەبوو، بەڵام كاتێك لەسەر پێنجسەد دۆلار لەگەڵ یەكیەتیدا تێكیدا، خێرا پارتی بردیانەوەو كردیان بە وەزیری ڕۆشنبیری. دەیانی تری لەو بابەتە هەن كە ئێستا هەموو دەهۆڵ لێدەدەن. دیارە یەكیەتیش لەوان باشتری نەكردووە، دەیان كەسی كە لە پارتی تۆراون و پێشتر سووكایەتی دنیایان بە مام جەلال و یەكیەتی دەكرد، ئێستا هەمەكارەن.
دیارە ئەمە بە هیچ شێوەیەك مانای ئەوە نییە كە یەكڕیزی و تەبایی نەبێت لە نێوانیاندا، كە ئەو قسانەش دەڵێم نە لە ئێستا و نە لەداهاتوودا، وەك كورد دەڵێت "چەندە ئیشم بە زوورنایە، هێندە ئیشم بە پارتی و یەكیەتی هەیە وەكو حزب"، بەڵام مرۆڤ كە ئەو ناهەقیانە دەبینێت بەدەست خۆی نییە، نیگەران دەبێت بە تایبەتی كاتێك خەڵكانێكی سووك و سەلیم دێن بە خۆڕایی سووكایەتی بە مستەفا بارزانی دەكەن و خۆیان پیاوی دەیان وڵاتن و ئەو پیاوە بە جاسووس و بەكرێگیراو ناوزەد دەكەن.
ئێستایش كە كاك خالید كەركووكی لە سایتی (چرا تیڤی) • بە بەڵگەوە ئەوەی نیشاندا كە هەڵكەوت زاهیر هاتووە بۆ بەرژەوەندی خۆی و خۆنزیككردنەوە لە بەرپرسانی پارتی و بە تایبەت كاك نێچیروان بارزانی، ئاوزاێكی سەردەمی بەعسی هێناوە كە بە شان و باڵی عیراق و سەددامدا هەڵدەدات و كۆپی كردووە و شیعرێكی جوان كە بۆ ساتیشی بارزانی نەمر وتراوە بە هەمان ئاواز و بەبێ دەستكاری دەكاتە سروودی "بۆ پێشەوە بارزانی" مام هەژاری نەمر، ئیتر ئەمە سكاندالە، نێچیروان بارزانی ئەگەر بە پەرۆیەكی پیس هەڵكەوت زاهیر فڕێ نەداتە دەرەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوا بێشك ڕازییە بە هەموو شتێك و بە هەموو سووكایەتییەك كە بە بارزانی نەمر دەكرێت.
حكوومەتێك ئەوانە ڕاوێژكاری بن و قسەكەرەی بن، ئەگەر پاكسازی نەكرێت و ئەو ماستاوچی و هەڵەوەرانە دوور نەخرێنەوە، نەك نابێت بە حكوومەتی گەل بەڵكو لە داهاتوودا دەبێتە حكوومەتی گەندەڵكار و دزو جەردەكان
تكایە با پارتی چیتر لەوە زیاتر سووكایەتی بە مستەفا بارزانییەوە نەكات، بارزانی بۆیە خەڵك خۆشی دەوێت و خۆشیان ویستووە، چونكە هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگەكانیدا بووە وەكو ئەوان ژیاوە و لە خۆشی و ناخۆشییەكایاندا بەشدار بووە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-7-2007 23:48 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

تێبینی: بۆ سەیرکردن و گوێگرتن دەتونن سەردانی سایتی (www. chra. tv) بکەن.

---

http://www.chra.tv/web/index.php?option=com_content&task=view&id=1985&Itemid=88889059&mosmsg=3H%7E%273+%28%C6+%2FG%0CF%AF%2F%27F%2A

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.